# پاشای عەرشی کەلاوە (حەمە سەعید حەسەن) خەلات دەکات

سمکۆ عەبدولکەریم

رەنگە ئەو نووسینەم جۆرێك لە خراپ تێگەیشتن لای ئەونووسەرانەش دروست بکات کە دەکەونە نێو جوغزی ئەم نووسینە ، ئەوساو ئێستاش من هەمیشە لە گەڵ ئەو نووسەراندا بوومە کە بەرژەوەندی و ژیان و گوزەرانیان وابەستەی حیزب بووە ، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا لە بەرامبەر زۆربەی رووداوەکان هەڵوەستەی کردوە و قسەی هەبووە ، بەکردەوەش چ لە رێگەی نووسین یان کۆرو کۆبوونەوەکان بیرو بۆچوونەکانی خۆی خستۆتە روو ، سەردەمانێك ، ئێستاش هەندێ لە برادەران بە گوومانەوە دەیانڕوانیە ئەم جۆرە نووسەرانە ، جوملەیەك کە بەردەوام بەرپرسانیحیزبی بە رووی رۆشنبیرو نووسەرانی ناوەوەی دادەدەنەوە ئەوەیە کە لە بەرامبەر هەموو ئەو نووسینانەی کە لە سەر ئەوە دەنووسرێن کە گوایە ئازادی رادەربڕین و نووسین نییە دەڵێن: باشە تائێستا نووسەرێك یان رۆژنامە نووسێك لە سەر نووسین کوژراوە ، یان گیراوە، ئەمە جوملەیەکە بەردەوام دووبارەو چەندبارە دەکرێتەوە ، بۆیە پێم باشە ئەوانە وەڵامی ئەم دەستەواژانە بدەنەوە کە بەبێ داخوازی خۆیان کوردستانیان بەجێهێشتووە، کە لەمەشدا مەبەستم ئەم نووسەرانە نیە کە بە درووستکردنی سیناریۆ کوردستانیان بەجێ هێشتووە ، وەك ئەو سیناریۆیەی حەمە )فەریق حەسەن ( لەگەرمەی شەری نێوخۆی کوردستان نووسی و دواتر لەگەڵ چەند کارکتەرێکی دیکە نمایشیان کرد ، زۆر سەیرم بەو نووسەرانە دێت کە بە قسەی خۆیان بەهەزار حاڵ لە کوردستان قوتارییان بووە و هەزار و یەك هۆکاریش بە دوای یەکدا رێز دەکەن ، کەچی دوای چەند ساڵێك دوای ئەوەی دۆسییەکی پر لە شەرمەزاری لەسەر سەرکردە و وڵاتەکەیان دەخەنە بەر دەستی ئەو وڵاتانەی تێیدا گیرساونەتەوە و پەیتا پەیتاش بە بۆنە و بێ بۆنەوە سەردانی کوردستان دەکەنەوە ، واتە رۆژگارێك بە پەنجەرەکاندا دەرباز بوونە و ئێستاش بە دەرگاکاندا دێنەوە ژووری.

ئەو ناو نیشانەی سەرەوە ( پاشای عەرشی کەلاوە ) ناو نیشانی ئەو بابەتە بوو کە رێك مێژووەکەیم لە بیر نەماوە ، بەڵام پێم وابێ سالێك بەسەر راپەرینەکەی تێنەپەری بوو حەمە( سەعید) دوای چەندین سالٚ دوور لەو هەموو جەور سالٚی1991 و ستەمەی کە گەلەکەی رۆژانە بە دەستی رژێمی بەعس دەیچێشت سەردانێکی کوردستانی کرد ، ئەو کات حیزب و سەرکردەکانی ئێمە وەکو ئێستا هەستیان بە دەور و کاریگەری ئەو نووسەرانە نە کردبوو کە لە تاراوگە گیرسابونەوە بۆیە ئەو کات ئەگەر وەکو پێویست لە سەردانەکەیدا حەمە سەعید حەسەن بایەخی پێنەدرابێ ئەوە ناحەقیان نەبووە ، چونکە جگە لەو هۆکارەی سەرەوە رەنگە داهاتەکانیش وەکو پێویست لەسەر یەك کەڵەکە نەکرابوون و ململانێکانیش هێشتا لە سەر کۆنە مستەشار و جاش و رەفیق حیزبییەکان یەك لا نەبووبونەوە بۆیە پێ دەچێ حەمە سەعید حەسەن بە نائومێدی گەرابێتەوە، چونکە چەند رۆژێك بەسەر گەرانەوەکەیدا تێنەپەری بوو کە ئەو ووتارەی پاشای( عەرش کەلاوە ) ی لە گۆڤاری خەرمانەکە)( خۆی سەرنووسەری بوو بلاٚوکردەوە کە سەرتاپای ووتارەکە هەر لە ناو نیشانەکەیەوە بگرە تا دەگاتە دوا پیتی سووکایەتی بوو بە سەرکردایەتی کورد . وەبیرمە لە سەر ئەم ووتارە نووسەرە حیزبییەکان چۆن کێچ کەوتە کولٚیان و هەریەکە لە راستە خۆی کەوتنە گیانی حەمە سەعید ، من کارم بەوە نییە کە حەمە سەعید ئەو کات باسی لە کەلاوەیەك نەدەکرد کە رژێمی بەعس لە ئەنجامی راپەرینی سالٚی 1991 لە

دوای خۆیدا بەجێیهێشتبوو ، کاریشم بەوە نییە کە ئێستا جگە لەوەی داوایەکی لە سەر تۆمار کراوە و لەلایەن دادگای هەولێرەوە بریاری دەستگیرکردنی هەیە و ئێستاش بانگهێشتی هەولێر کراوەتەوە و خەلاٚت دەکرێت ، رەنگە کاریشم بەوە نەبێت کە ئێستا نووسەرەکانی هەولێر بە تایبەتی پارتییەکان لە بەرامبەر ئەو خەلاٚت کردنەیدا چۆن جارێکی تر کێچ کەوتۆتەوە کەولیان و دەلێن: ئەوە خەلاٚتی ئەو جوێننامەیانەیەتی کە بە درێژایی سێزدە سالٚی دەسەلاٚتی کوردی بە سەرکردەکانی کوردی دەلٚێ . من بۆ خۆم هێندە موعجەب نیم بە نووسینەکانی

حەمە سەعید هەموو کەسێکیش ئازادە لەوەی لە شوێنی خۆیەوە خۆی بەکەس نەگۆڕێتەوە ، ناشمەوێ هیچ قسەیەك لەسەر ئەوە بکەم کە ئەو برادەرە لە بەرامبەر چییدا خەڵات دەکرێ ، چونکە لە هەموو دونیادا خەڵات ماناو ئارستەی خۆی هەیە و دیاریشە کێن ئەوانەی دیاری دەکرێن کە خەڵات بکرێن . پێم باشە کە حەمە سەعید دوای ئەوەی خەڵاتەکەی وەرگرتوو بەر لە گەڕانەوەی بۆ هەندەران سەردانێکی قەبرستانەکانی هەولێر بکات و بزانێ ئەو خێزانانەی لە قەبرستان دەژین چی وای لێکردوون ئەو کونجە بۆ ژیان هەڵبژێرن بە تایبەتی قەبرستانی بەلەدیەی سەر شەقامی 100مەتری چونکە بێشك رێی بەم شەقامە دەکەوێت ، ئەگەر ویستیشی سەرێکی سلێمانی بدات لە سەر رێگای نەقلیاتەکە بەرامبەر کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین سەرێك بەو کوخەدا بکات کە لە بەرامبەر ئەو کۆلیژەدا پیرەمێرد و پیرەژنێکی تێدا دەژی ، بێ گومان داوەتی رێستورانتی( هەولێر) ی سەر رێگەی عەنکاوەش کراویت ، بەڵام گومانم هەیە لەوەی سەرێکت لە کۆنە ئاودەستەکانی کۆنە( شاری یاری هەولێر ) هەڵکێشابێت کە رێك دەکەوێتە بەر دەروازەی رێستورانتی هەولێر و خێزانێکی تێدا دەژیت . نازانم شوقەکەی عیسا عەساف هەروەکو خۆی ماوە یان دوای نووسینەکەی لەسەرم نووسی بەرپرسان سەردانیان کردووە و خێزانەکانیان بۆ شوێنێکی دیکە کە شایستەی ژیان بێت گواستۆتەوە یان نا ، بۆیە ئەگەر دەرفەتت هەبوو سەردانێکی ئەوێش بکە ، زۆر باشتریش دەبێت ئەگەر سەرێکی گوفەکەکەی هەولێر بدەیت کە دەکەوێتە سەر رێگەی کەلەك و بزانی ئەو ژن و کچ و منداڵە ناسکانە چییان ونکردووە و بە دوای چییدا دەگەڕێن .رەنگە تۆزێك زەحمەت بێ ئاقار و جوڵەوانییەکانی دەورو پشتی هەولێر بەسەر بکەیتەوە بۆ ئەوەی بزانی چی وای لەو خێزانانە کردووە لەو شوێن کەلاوانەدا نیشتەجێ ببن.

---